## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (خەونێکی خۆش و خەوخۆشێک)


ئەحمەد سالار

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت


چەند کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی سینەماو کاری تەلەفزیۆن لە بەغدا کرابوونەوە، لەوانە (بابل) و (حەزەر)، ئەو دەمەش تازە بە تازە سیستەمی کاری (یوماتیك) هاتبووەئاراوە. برای هونەرمەندی خوالێخۆشبووم (بەختیار سیامەنسووری)، وەك گشت هونەرمەندێکی سینەماکار، خەونی بە دەرهێنانی فیلمێکی تەلەفزیۆنییەوە ئەبینی. بۆیە چووبووە بنج و بناوانی ئەو کارە و لە تەك بەرپرسانی کۆمپانیای (حەزەر) گفتوگۆی کردبوو. هەر چەند ئەو کۆمپانیایە سڵیان لە بەرهەمهێنانی کارێکی کوردی ئەکردەوە، گوایە بازاڕی نییە و نابێ، بەپێچەوانەی بەرهەمی عەرەبییەوە کە هەر نەبێ بیست و دوو وڵاتیان هەیە، بەڵام کاکە (بەختیار) هەر کۆڵی نەدابوو، (کاك جەلال چەرمگا)ی قایل کردبوو، کە بچێتە ژێر باری پارەکەیەوە، ئەویش پیاوانە بە خۆی گرتبوو، ئیدی کەوتە مشوورخواردنی دەق و سیناریۆ، ئەوە بوو هاتە سلێمانی و سەردانی کردم و لەو بارەیەوە گشت سەرەکانیان تاوتوێ کرد، داوای لێکردم ئەو کارە ئەنجام بدەم، منیش دەستبەجێ بیرم بۆ چیرۆکەکانی نووسەری جوانە مەرگ (رەفیق فایق) چوو، زۆر بە منەوە نزیك بوو، یەکتریمان بە دڵ و گیان خۆش ئەویست. دوکانی عەتاری لە قەیسەری (نەقیب) هەبوو، لە خۆشەویستیدا بۆ من، ناوی ناوبوو: (کۆگای ئەحمەد سالار).

(کاك رەفیق) رۆشنبیرییەکی باشی هەبوو، هەتا بڵێی کوردپەروەر بوو، کوڕی رۆژانی تەنگانە و لێقەومان بوو. لە نووسیندا شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، شێوازێکی تەنزئامێز، کەوتمە ناو چیرۆکەکانیەوە و پاشان لەگەڵی دانیشتم و بیرۆکەکەم بۆ باس کرد. ئەوە بوو چیرۆکێکم هەڵبژارد و لە یەك دوو چیرۆکی دیکەیم بۆ خواست و دامڕشتەوە و سیناریۆکەم بۆ نووسی، سیناریۆی جێبەجێکردن، نەك ئەدەبی. هەر لەسەر داوای کاکە (بەختیار) کردمە عەرەبی، هەتا وەکو گروپی کارەکە، کە عەرەب بوون بەرچاویان روون بێ.

سەبارەت بە ئەکتەرەکان، دەرهێنە سوور بوو لەسەر ئەوەی خۆم کاراکتەری سەرەکی، واتە کەسایەتی(غەفور) بنوێنم، ئەوسا دەستنیشانی ژمارەیەك ئەکتەرم کرد لەوانە: دایکی ئاریا و تارا خانی کچی و جوانەمەرگ کاکە ئاسۆی کوڕی و شاگوڵە جوانە مەرگەکەی ڤینۆس خان و ئازیز و ئارامی کوڕی و کاکە سەمیری خوالێخۆشبووی هاوسەری و کاك ئاراس تەیبی بەقاڵی جوانە مەرگ و کاکە بورهان محەمەدی گۆرانیبێژ و کاکە شۆڕش قادر و حەمەی برای و کاکە عونەری کەریم ئاغا و نەوزاد مەجید و لەگەڵ خانمە ئەکتەر خەرمان هیرانی.

کاکە (بەختیار) دەستوبردی لێ کردو پاش چەند رۆژێ بەخۆی و گروپی کارەکە هاتنە سلێمانی و هەر ئەو رۆژە دەستنیشانی (لۆکەی شن) کرا، بۆ رۆژی دوایی دەستکرا بە وێنەگرتن، گەڕابوو دووچەرخەیەکی کۆن و نایابی بۆ پەیدا کردبووم، چونکە کارەکەم (رەزام) نامەبەر بوو.

هەواڵی بەرهەمەکە بڵاوبوویەوە، کە بۆ یەکەم جارە کارێکی کوردی کومێدی لەلایەن شانۆی سالارەوە ئەکرێ، هەر لە بوارە هونەرییەکەدا، بەر لە وەی یەك گرتە لەو کارە وێنە بگیرێ کەوتنە قسەو قسەلۆك و گێرەشێوێنی، لە رۆژنامەی (هاوکاری)دا دیمانەو باس بڵاوبوویەوە، کەوتنە بن کلێشەی خانمە ئەکتەرەکە: ئەمە کاری کۆمپانیایە، ئەبێ ئەمەنەت بەنێ و دەیان قات بەرگت بۆ بکەن. تووشی دڵکرمێ بوون و دڵەڕاوکێیان کرد، بەڵام ئەو خانمە لە هونەرمەندە رەسەنەکان بوو، ئەیزانی مامۆستاکەی نە بە هەڵەیدا ئەبات و نەرەنج بەخەساری ئەکات. بە گشت واتایەکی پیرۆز وەك ئەو گشت کیژانەی کاریان لەگەڵی کردووە، باوکیەتی.

لەسەر مێزی خواردنەوە چەلەحانێ و چەقەبازییان لەسەر کرد، بەبێ ئەوەی تەنیا وشەیەکی سیناریۆکەیان بینیبێ، باسیان لە کەم و کورتییەکانی ئەکرد، بەڵام ئەمجارەش سوپاس بۆ خوا کە توانای گوێپێنەدان و بەردەوامی پێ بەخشیبووم، هەر ئەمگوتەوە باهەر حەپەحەپ بێ و کاروانیش ملی بەرزە رێگای خۆی بگرێ و بەرینەدا.

کار بەردەوام بوو، بەبێ گیروگرفت و تەگەرە هەنگاوی بڕوا بەخۆبوونی ئەنا. بە رادەیەك کارەکە بە جوانی و بە خێرایی بەڕێوە ئەچوو، پێشتر و پاشتریش بەخۆیە نەیدیوە، تەنیا بە چوار رۆژ وێنەگرتن کۆتایی بێهات. بە راستی گروپەکە کارامە بوون.

سەروبوردەی چیرۆکەکە باسی (خەپە)ی کەسایەتی سەرەکی ئەکات. کە خەون بە بردنەوەی پارەیەکی زۆرەوە ئەبینێ و ئیتر ئەکەوێتە سەر گشت ئەو شتانەی کە ئارەزووی بووە، دیارە ئەو لەپڕا دەوڵەمەندبوونە، بە تەواوی لە خشتەی ئەبات و سەرجەم شیرازەی لە گرێژنە ئەبات. لە خەونەکەیدا ئەو کیژە ئەخوازێ کە پەری ئاواتی بووە، ئەبێتە خاوەنی کۆشك و هەر چییەك دڵ بیخوازێ.

هەندێ شوێنمان بۆ وێنەگرتن هەڵبژارد کە هەمیشە سوپاسی خاوەنەکانی ئەکەم، یەکێ لەوانەماڵی پارێزەر (عەزیزساڵحی رەشە)، کە ژووری میوانەکەی بۆ تەرخانکردین، هەروەها ماڵی بەڕێزی لە گەڕەکی (کانیسکان) کە خانووکەیان شێوازێکی کلاسیکی و جوانی هەبوو.

هەندێ بینراویشمان لە ئوتێل (ئاشوور)ی (دوکان) گرتبوو، جگە لە دار بەڕووەکانی گوێژەو بارەگای تیپی سالار. هەر شوێنەو یادگارێکی خۆشی لە دڵا نەخشاندین، لەو بینراوانە بینراوێ ئاهەنگێکی کوردەوارییانە بوو، لە هۆڵێکی بارەگای تیپدا بە دەستوبرد دیکۆرێکی کوردەوارییانەم ساز کرد، ئەوسا ژمارەیەك ژەنیار، لەناویاندا خوالێخۆشبوو (حاجی عەباس ئەبو شەوارب)ی کەبابچیی بەناوبانگی شار، کە بە جوانترین شێوە دەفی بە دەم سەماوە ئەژەنی، هەر لەو رۆژانەدا بوو، سواری تەکسیەك ببووم لە رادیۆکەیەوە گوێم لە (گۆرانی دەچی دەچی وەڵڵا بە مامەت



دەڵێم) بوو، لە کابرای شوفێر ناویم پرسی، نەیزانی، دابەزیم و چوومە مەزاتخانەکەی سلێمانی بۆ دوکانی (کاکە حەمەی حاجی سەعی) و سۆراغیم کرد و پرسی: بۆچیتە؟ ئەوە ناوی (کاك مەحمود محەمەد)ـە، وتم: بۆ حاڵ و حسابێکی ئاواهیم گەرەکە، خاوەنی دەنگێکی کوردانەی رەسەنە و دەنگێکی خۆشی هەیە. کاکە حەمە وتی: تۆ فەرموو دانیشە، با چایەکت بۆ بانگکەم، هاکا پەیدا بوو. تاوێکی نەبرد (کاك مەحمود) پەیدا بوو، یەکتریمان ماچکردو مەبەستەکەم تێگەیاند کە سبەینێ سەعات ئەوەندە لە فڵانە شوێن بەیەك ئەگەین، پاشان سەردانی هونەرمەندی میللی خوالێخۆشبوو (ئەحمەد شەماڵ)م کرد کە توونچی گەرماوی (سورەت) بوو، هەر لەبەر دەرگای گەرماوەکەدا چایخانەیەکی گچکۆکەی هەبوو لەسەر شۆستەکەیش وێنجەی بۆ فرۆشتن دائەنا کە خاوەن ئەسپ و وڵاخ ئەیانکڕی.

ئاشنایەتییەکی باشم لەگەڵی هەبوو، چەند جارێکیش لەگەڵ خۆم بردبووم بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووك. لەگەڵی رێککەوتم کە سبەینێ ئەنێرم بەدوایداو داواشمکرد ریشی جوان پەرداخ کات و بەرگێکی رێك بپۆشێ و جامانەکەی قیت ببەستێ. هەروەها پێموت خەمت نەبێ ئەوە لە دەعباکەشت بۆ ئەهێنن پێش ئاهەنگەکە فریکەیت، ئیتر لەگەڵ هونەرمەند (بورهان محەمەد) کەوتینە کاری رێکسختنی بەزم و رەزمەکەو کام گۆرانییە گونجاوە. هەروەها هەر چۆن ئاهەنگی کوردەواری ماڵانەی جاران چۆن چۆنی بکرێ، لە کاتی خۆیدا کارەکە دەستی پێکرد و هەموان لێی رازی بوون.

بۆ بینراوەکەی دەمەو ئێوارەی داربەڕووەکان، کە شوێنێکی دڵگیر و فێنکە، بە خۆڕایی نەبوو (دیلان)ی دەنگ پڕ جۆش و خرۆش شەیدای بوو، جاران کوڕو کاڵی شار بۆ بای باڵدان لە زەردەپەڕەوە روویان لێ ئەکرد و کەللەیان گرم و کەیلی مەستی ئەکرد.

بۆ بینراوی بەزمی ئەو ئێوارەیەمان، (کاکە بورهان مەجید) و جوانەمەرگ (کاك ئاراسی تەیبی بەقاڵ) هەر زوو گۆشتی بەرخی ناسکیان کڕیبوو لەگەڵ دوگا ملوانکەئاسا لە شیشیان دابوو، هەر ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو مقەڵیان داناو لێوان لێویان کرد بە خەڵۆو و کلپەیان لێهەستان جوان جوان جۆشیان دا، قاپێ عەرەقی رەشیان بۆ سپیکردنەوەی ئێوارەکە کردەوە و پێکەکانیان لێ نیوان و نیو کرد، بەدەم تێکردنیشەوە بە یەکتریان ئەوت: «کوڕێکی رێکوپێکە، چارەکێکی دوو پێکە» ئەوسا بە کاکە بەخەی دەرهێنەرم وت: کاکە بەخە ئاگادار بە، ئاوا ئێمە بە رێکەوتین دەرهێنەر بانگی (ئەکشن)ی داو پێکلێدراو نران بەسەرەوە و هەر یەکە شیشە گۆشتی چەورو نەرم و سوێری جوان برژاوەی بەدەستەوە گرت و (مامە بورهان) دەنگی لێهەڵبری: (ئەمشەو هەر خەمە)کەی مامڵێ تێچریکاند، منیش بەدەستووری کوڕانی کۆنی شار، کڵاوەکەم نمرەیەك جووڵان و پێکەکەم سەر سەرناو کوڕمان گەرمکرد و کردمانە گوڵمەزێ هەر مەپرسە دارو دەوەن داربەڕووەکانیش هاتبوونە سەماو فریوە لێدان، هەرکە لە شاریشت ئەروانی هەر ئەتگوت کۆڵوانەی کۆڵی کچۆڵەیە جرینەو سەرچۆپی گرتەوە، بریسك و باقی ئەستێرەکانی سەر سەری سلێمانییان حەیران کردبوو، ئەوە لەو لاتەوە قاپە عەرەقە رەشەکە چۆڕی لێبڕاو بەلارەلار بەرەو خوارەوە خل بووینەوە.

یەکێ لەو بینراوە جوانە کۆمیدییانە لە یانەی فەرمانبەران وێنەی گیراو (کاکە شۆڕش قادر) رۆڵی سەرخۆشێکی بەدمەستی خۆ بزرکەری بەجوانی نواند.

وێنەگرتن تەواو بوو، گروپەکە بەرەو کۆمپانییەکە لە بەغدا چوون.

پاش چەند رۆژێ جوانترین (پۆستە)ی بەرهەمی (خەوخۆش) کە پێشتر هونەری کوردی بەخۆیەوە نەدیبوو، بڵاوبوویەوە، جگە لەوەی بۆ یەکەمجار لە مێژووی هونەری کورددا، لە تەلەفزیۆنی بەغداوە کە ناوەندی و سەرانسەری بوو، پەیتا پەیتا ریکلامی بۆ ئەکرا، بە رادەیەك کاریگەر بوو، کە خەڵکەکە چ لە باشوور و چ لە رۆژهەڵات بە پەرۆشەوە سۆراغیان ئەکرد و کەسانێکی زۆر لە شوێنی کاسێت فرۆشان پێشەکی پارەیان بۆ کڕینی دەدا.

هەر ئەوەندەی کەوتە بازاڕەوە، لەو شەش هەزار دانەیە لە ماوەی یەك هەفتەدا، یەك دانەی لێنەمایەوە. جگە لەوەی هەزارەها دانەی لەبەر گیرابوویەوە.

هەر لەسەر ئەم بەرهەمە کۆمەڵێ شت روویدا، یەکێ لەوانە، بۆ وێنەگرتن بینراوێك کە لە شوێنێکی رازاندنەوە بووك لە شەقامی (سالم)، بووکێ بە بەرگی سپی و جوان رازاوە و دێتە دەرێ و دەستی ئەگرم و بە دەهۆڵ و زوڕنا لێدانەوە سواری ئۆتۆمبێلی ئەکەم و بەدەم گۆرانییەکەی (ئیبراهیمی فەتاحی):

«کەوی یانە کەوباڕی، یا گوڵی لالەزاری من
شێخ و مەلا کۆوەبوون وا کەژاڵێ ئەدەن بە من
لەسەر باڵای شەڕیانە لێکدەدن دۆست و دوژمن»

بەناو شەقامی مەولەوی و پاشان پیرەمێرد و ئەوسا بەرەو تووی مەلیك دەیان ئۆتۆمبێلیش بە هۆڕن لێدان بەدوامانەوەن.

بەناو شارا بڵاو ئەبێتەوە (ئەحمەد سالار) ژنی دووەمی گواستۆتەوە.

: ئەمە چۆن بوو؟

: ئافەرین بەخشکەیی و بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێ،

:هەتا نەیگواستەوە کەس نەیزانیوە.

: ئەبێ هاوسەرەکەی چی بکاو چی بڵێ؟!

ئیدی لە خزمان و لەناسیاوانی هەردوو لامان ئەکەوتە تەلەفۆن و تەلەفۆنکاری، خەریك ئەبن دڵی هاوسەرەکەم لێ رەشکەن و بیخەنە دۆزەخی گومانەوە. دواجار بیری ئەکەوێتەوە ئەو نەوبووکە (خەرمان خانە) و کارەکە فلیم و نواندنە. دەنا دۆ و دۆشاو تێکەڵ ئەکرا.

هەر لەسەر ئەو (خەوخۆشە) دەنگ بڵاوبوویەوە، گوایە پەنجا هەزار دینارم وەرگرتووە، بۆیە لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی لەگەڵ قوتابیان و مامۆستایان پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا، بەڕێوەبەری گشتی رووی زاری تێکردم: ئەرێ مامۆستا ئەحمەد سالار لەو پەنجا هەزار دینارەی وەرتگرتووە، بەلایەنی کەمەوە، هەقە دە هەزار دینارت کۆمەکی پەروەردەی پێبکەیت؟ ها ئەڵێی چی؟

: جەنابی بەڕێوەبەر ئەو بڕە پارەیەی فەرمووتان ئەو پارەیەکە لە خەونەکەما بە تکتی خۆت و بەختی خۆت، بۆم دەرچووە، نەك بە راستی.

ئەوانە لە شوێنی خۆی بوەستێ، ئەوە پاش راپەڕین و بەرپابوونی رکەبەرایەتی یەکتری، کە هەمیشە ئەڵێم ئەگەر کاتی خۆی ئەو لایەنانە ئەو گشت دژایەتییە کە ئێستا بەرامبەر یەکتری ئەینوێنن بەرامبەر بە رژێمی (بەعس) بیانبوایە، ئەوە پێویستی بە هیممەتی مەردانەی (مستەر بۆش) نە ئەکرد و بە دەستی کورد کۆتاییان بە رژێم ئەهێنا، بەهەر حاڵ لایەنێك لەو لایەنانە بە خەیاڵی دژایەتیی ئێمە ئەو بینراوەی گوڵمەزەکەی داربەڕووەکانیان، پەیتا پەیتا لێ ئەدایەوە، منیش لای خۆمەوە گەز گەز باڵام ئەکرد.

## سەرەڕای قەیرانی ئابووری

# شانۆکارانی کوردستان ڕۆژی جیهانیی شانۆیان بەرز ڕاگرت

ڕۆژی ٢٠١٧/٣/٢٧ کە هاوکات بوو لەگەڵساڵیادی شانۆی جیهانی، هەولێری پایتەختی کوردستان سەرەڕای نالەباری بارودۆخی ئابووری وەك هەموو ساڵێك ڕێوڕەسمی یادی جیهانی شانۆیان بە چەندین چالاکیی جۆراوجۆر بەرز ڕاگرت.

لەم یادەدا شانۆکاران ئاماژەیان بەوە کرد ئێش و ئازاری شانۆکارانی کوردستان چەندین ساڵە وەك خۆی ماوەتەوە و بەردەوام گلەیی و گازاندەی ئەوە دەکەن کە بۆچی وەك پێویست شانۆ پشتگوێخراوە و بزاڤی شانۆیی لە کوردستان لە خولگەیەك دەخولێتەوە و سەرەڕای بەردەوامی نمایشی شانۆیی لێرە و لەوێ، بەڵام تینوویەتی عاشقانی شانۆ تێر ناکات و شانۆکاران زیاتر لەوەی ئێستا هەیە ناتوانن چیتر پێشکەش بکەن تەنانەت ئەوەی ئێستاش هەیە بەشێکی زۆری خۆبەخشانە ئەنجام دەدرێت و لە ڕوانگەی خۆشەویستی و عەشقیانە بۆ شانۆ ئەگینا زۆر لە توانای خۆیان زیاترە

دەستپێکی کار و چالاکییەکانی ڕۆژی جیهانی شانۆ، کە هەموو ساڵێك لە ٣/٢٧ دەکرێتەوە و بە جەژنی هونەرمەندانی شانۆ ناسراوە، هەروەها بە دایکی هونەر دێت، سەرەتای چالاکییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ دەستی پێکرد و لەم ڕووەوە

هیوا سوعاد، بەڕێوەبەری هونەری شانۆی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکات سەرپەرشتی فیستیڤاڵی ڕۆژی شانۆی جیهانی دەکات ڕایگەیاند: "ئێمە لەم قەیرانەشدا پێشمەرگەئاسا چالاکیمان هەبووە و نەوەستاوین، خۆشبەختانە چالاکییەکانمان لەمساڵ و ساڵی ڕابردوودا لە هەموو بۆنە و یادەکان بەردەوام بووە و نمایشمان هەبووە،

هەرچەندە قەیران و بارودۆخی هەرێمی کوردستان کاریگەری هەبووە، بەڵام هونەرمەندان لە سنووری پارێزگای هەولێر لە کارە هونەرییەکانیان بەردەوام بوون.

یادکردنەوەی تەها ئاغاجان

مایخان ئەو نازناوە هونەرییە بەرچاوە بوو، کە ساڵانێکی زۆر بوو لە نێو دراما و شانۆی کوردی دا دەدرەوشایەوە، بەتایبەت لە سەرەتای حەفتاکان، کاتێك کە شێوەزاری خانەقینی لە نێو هونەری کوردی دا کردە زمانێك بۆ خەڵکی شارەکەی، (مەیخان) نازناوی (تەها ئاغا جان) بوو، کە بەر لە ٤٠ ڕۆژ بەبێدەنگی کاروانی هونەری جێهێشت و زۆر بە کەساسی ماڵئاوایی لە هونەر و شانۆ کرد، لەو یادەدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری بە هاوکاری (سەلام باپیر) بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ ئامادە کرابوو هاتە نمایش کردن، کە تیایدا باسی لەو ئەزموونە گەورەیەی هونەرمەندی کۆچکردوو دەکرد، لەو فیلمە دیکۆمێنتارییەدا هاوڕێکانی هونەرمەند تەنیا باسیان لە هونەری ئەودا نەدەکرد بەڵکو خۆ ڕەوشتی ئەو هونەرمەندەیان خستبووە پێشەوەی کارە هونەرییەکانی.

لە بەردەوامی کار و چالاکیەکاندا، ئەوەی جێگەی دڵخۆشی هونەرمەندان بوو هەواڵی ڕاگەیاندنی پەیکەرەکەی هونەرمەندی بە ئەزموون (خەلیل یابە کەریم) بوو، کە نزیکەی نیو سەدەیە لە بواری شانۆدا کار دەکات و خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش کردووە، بەتایبەت لە سەردەمی زێڕینی شانۆدا، هەروەها ئێستایش بەردەوامە و لەو بوارەدا هەمیشە وەك گەنجێکی عاشق دڵداری لەگەڵ بەرهەمەکانی خۆیدا دەکات، لەم بارەوە هونەرمەند و وەرزشوانی دێرینی کوردستان و شاری هەولێر خەلیل یابە وێڕای خۆشحاڵیی خۆی لەم بارییەوە



لە هەمان کاتدا نیگەرانی و دڵگرانی خۆیشی نەشاردەوە و لەم بارەوە رایگەیاند: سەرەڕای بەختەوەریی خۆی بەو دەستپێشخەرییەی (بەکر خالید)ی بەڕێوەبەری پەیمانگای هونەرە جوانەکان، بەڵام جارێکی تر نیگەرانە لەوەی کە نەتوانرا ئەو پەیکەرە لە شوێنێکی گشتی یاخود شەقامێکی گشتی پایتەخت دابنرێت، بەڵکو لە نێو پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر پەردەی لەسەر لادرا، ئەمەیش گوناهێکی گەورەیە کە لەگەڵ من و هونەرمەندانی تر دەکرێت، چونکە ئەوان تەنیا بڕوایان وایە ئەگەر هونەرمەند بمرێت دەبێت پەیکەری بۆ بکرێت، پێیان رەوا نییە تا لە ژیانە رێزی لێبگیرێت و پەیکەرێکی شایستە بە خزمەتی ئەودا بکرێت و هەمیشەش هەوڵدراوە زیندوو کوژی مردوو پەرست بن.

هونەرمەند (فەرهەنگ غەفوور) ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە لەو رۆژەدا پەیام بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان دەنێرین و پێیان دەڵێن ئەوە ئێوەن پارێزگاری لە خاك و مانەوەی هونەری ئێمەدا دەکەن، ئێمەیش وەك وەزارەتی رۆشنبیری دەبێت کەشێکی لە بار بۆ هونەرمەندانی شانۆ فەراهم بکەین بۆ ئەوەی بتوانن لە بەرهەمە جوانەکانیان بەردەوام بن و ئێمەش بتوانین ژیانێکی ئاسوودە بۆ شانۆکاران فەراهەم بکەین، چونکە ئەوان هەمیشە پێشمەرگەی نێو شارن و ساڵانی رابردووی شانۆن شایتحاڵی کارەکانی ئەوانن.

عەلی ئەحمەد وەك هونەرمەندێکی بەئەزموونەو نزیکەی نیو سەدەیە لەو بوارەدا خزمەت دەکات و دەڵێت: پێموایە دەبێت هەمیشە ئاخ بۆ سەردەمی زێڕینی شانۆ هەڵکێشین، بە بڕوای من هیچ کات ناتوانرێت ئەو سەردەمە زێڕینە بۆ شانۆ بگەڕێتەوە کە بینەری شانۆ دەرگای هۆڵەکانی دەشکاند بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی ئێمە ببینێت، کە زۆرجار نمایشەکان پەیامێکی سیاسی بوون بۆ شاخ و پێشمەرگە و گەیاندنی رۆڵی پێشمەرگە بوو بۆ ئازادی کوردستان، بەڵام ئەوەی خۆشحاڵمان دەکات ئەوەیە کە هونەرمەندان سڵ ناکەنەوە لە بەرهەمی جوان و قەیران ناکەن بە پاساو بۆ وەستان لەو بوارە هیوادارم بتوانین لە ساڵانی داهاتوودا بتوانین فیستیڤاڵێکی شانۆیی سەرتاسەری ئەنجام بدەین و تێیدا هونەری خۆمان بە جیهان بناسێنین و هونەری جیهانیش بە خۆمانی بناسێنین .

هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆی هەولێر، هاوکات سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندان لقی هەولێر دەڵێت: لە ٣/٢٧دا تەنیا ئاهەنگ ناگێڕین بۆ بەرز راگرتنی یادەکە، بەڵکو لەو رۆژەدا نەخشە رێگەیەکی نوێ دادەڕێژینەوە بۆ ساڵی نوێ و بەرهەم و پڕۆژەی دیکە لەدایك دەبن، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا نوێبوونەوەی شانۆیە لە هەولێر و هەموو ساڵێکیش دەیان بەرهەمی نوێ لە بەڕێوەبەرایەتیەکەماندا پێشکەش دەکەین.

خاتوو دڵسۆز ماوەتی یەکێك لەو هونەرمەندە دیار و بەرچاوانەی شانۆ و دراما و سینەمایە و بە گەشبینیەکی زۆرەوە دەڵێت: لەو رۆژەدا نێرگزی خۆشەویستی خۆمان پێشکەش دەکەین بەو خەڵکە هونەردۆستەی کوردستان کە هەمیشە تامەزرۆیی بەرهەمەکانی ئێمەیە، دڵنیام لەوەی کە ئەمساڵ دەبێتە ساڵی گەشانەوەی شانۆی کوردی و لەدایکبوونی چەندین بەرهەمی بەپێز، هەروەها سڵاو دەنێرم بۆ رۆحی سپی تەها ئاغا جان، کە ٤٠ رۆژ لەمەوبەر بە بێدەنگی خواحافیزی لێکردین و بەبێدەنگی سەری نایەوە و ئێستایش شوێنی ئەو لەو یادەدا خاڵییە.

# کیدمان خۆی گەنج دەکاتەوە



خانمە ئەکتەری ناسراوی ئوسترالی کە تەمەنی گەیشتووتە تەمەنی ٥٠ساڵی ئاشکرای کرد کە پشت بەستن بە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری باشترین چارەسەرە بۆ ئەوەی روخساری ئافرەت بە گەنجی بمینێتەوە و جوانییەکەی بەردەوام بێت.

نیکۆڵ کیدمان لە میانەی لێدوانیکدا وتی: پێویستە دان بەوە بنێم کە من پۆتۆکس وەك چارەسەری جوانکاری بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی بە گەنجی بمێنمەوە و جوانی دەموچاوم تێك نەچێت، دوای ئەم لێدوانە و لە یەکەم دەرکەوتنیدا جەماوەری کیدمان هەستیان بە جیاوازییەکی زۆر کرد لە دەموچاوی تەنیا لە ماوەی یەك هەفتەدا هەست بە دابەزینێکی بەرچاو لە دابەزینی کێشی لەشی دەکرا. ئەمەش پرسیاری زۆری لای چاودێران و جەماوەرەکەی درووستکرد.

لە دوای ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار دیسان نیکۆڵ لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی گۆڵدن کامیرا دەرکەوتەوە دەموچاوی گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتبوو و پڕتر و جوانتر بوون ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناوە.



## ئەكشان كۆمار:

# ئافرەت لە كاری سیخوڕیدا سەركەوتووترە

لە میانەی هەڵمەتی پڕوپاگەندە بۆ فیلمە نوێیەكەی كە بە ناوی (Naam Shabana) كە بەم زووانەی نمایشكرا، ئەستێرەی ناسراوی بۆڵیۆد ئەكشان كۆمار رایگەیاند كە ئافرەت زۆر لە پیاو سەركەوتووترە لە ئەنجامدانی كاری سیخوڕی لە سەرتاسەری جیهان.

لە لایەكی دیكەوە كۆمار لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەنووسیدا كە لە لەندەن ساز كرا، ستایشی هەموو ئافرەتانی جیهانی كرد، بەتایبەتی لە ئەنجامدانی خۆشاردنەوە و كاری هەواڵدەری و جەختی لەوە كردەوە كە ئافرەتان لەم رووەوە زۆر سەركەوتووترن لە پیاوان و دەتوانن باشتر كارەكانیان ئەنجام بدەن. كۆمار هەر لەم بارەیەوە وتی: بەپێی ئاژانسە نێودەوڵەتییە ناسراوەكانی جیهان وەك ئاژانسی هەواڵگری ئەمریكا (CIA) و مۆساد ئافرەت باشتر و سەركەوتووترین سیخوڕی جیهانن، دەتوانی ئەم پرسیارە لە هەر هاوسەرێك بكەی هەمان وەڵامت دەدەنەوە.

لە فیلمی (Naam Shabana) هەر یەكە لە ئەكتەران مانۆج باجبایی و تابسی و ئەنۆبام خیر رۆڵ دەبینن و رۆڵەكانیان زۆر لە سیخوڕی و هەواڵگرییەوە نزیكە و پێش چەند رۆژێك لە هۆڵەكانی سینەمای هیندستان نمایش كراوە.



# كروز خۆی بۆ كارێكی مەترسیدار ئامادە دەكات

ئەستێرەی ناسراوی هۆڵیۆد تۆم كروز خۆی ئامادە دەكات بۆ ئەنجامدانی كارێكی مەترسیدار و شێتانە كە بە مەترسیدارترین كا دادەنرێت لە ژیانی خۆیدا وەك ئەكتەر لە چوارچێوەی بەشی شەشەمی زنجیرە فیلمی (Mission Impossible) كە بڕیار وایە لەم مانگەدا دەست بە وێنەگرتنی بكرێت.

كروز ماوەی یەك ساڵ زیاترە مەشق دەكات لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی بازدانێكی مەترسیدار لە بەشی نوێی فیلمەكە، هەرچەندە تا ئێستا هیچ لایەك باسی لە وردەكارییەكانی نەكردووە، بەڵام كریستۆڤەر ماكاریی دەرهێنەری فیلمەكە رایگەیاند كە بەشە نوێیەكەی لە گشت بەشەكانی دیكە بەهێزتر دەبێت و كاریگەرترین بەش دەبێت لە ژیانی كروزدا.

ماكاری ئەوەشی ئاشكرا كرد كە كارەكە تەنیا بازدانێكی ئاسایی نییە، بەڵكو دیمەنێكی تەواوە و بە یەكێك لە دیمەنە سەرنجڕاكێشەكان و سەرشێتانەترین دیمەن دادەنرێت لە مێژووی سینەمادا تەنانەت زۆر لە دیمەنەكانی سەر تاوەری خەلیفە و بازدان لەسەر فڕۆكەش دەبێت، دیمەنێك بە شێوەیەكە كە تا ئێستا جەماوەر لە سینەمادا كاری لەو شێوەیەی نەبینیوە.

شایەنی باسە بەشی شەشەمی فیلمی (Mission Impossible) لەم مانگەدا دەست بە وێنەگرتنی دەكرێت لە نێوان پاریس و لەندەن و نیزیلاندە و لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠١٨ دا نمایش دەكرێت و هەر یەكە لە ئەكتەران ریبیكا فێرگسۆن و ڤانیسیا كیربی و سایمۆن بیج رۆڵی تێدا دەبینن.